# تاوانی ڕیبا

الحمـــد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن اتبعه باحسان الى يوم الدين :

هەمــوومان ئـەزانین کـە تـاوانی ڕیـبا بەشـێوەیەکی زۆر سـەیر لـە نـاو موسـڵمانان بـڵاو بـۆتەوە بـە تایبـەتی لـە نـاو ئـەو موسـڵمانانەی کـە لـە وڵاتـانی ڕۆژ ئـاوا ئـەژین کـە ڕیـبا کردن ئاسان ترە لەوڵاتانەو بە ئاسانی ئەتـوانن پـارەی قـەرز لـە بانـق بـێنن یان شـت بـە قـەرز بێنن بە ڕیبا یان خانـوو بکـرن بـە قـەرزی بانـق ، بەڕاسـتی ئەمـە جـێی داخـە کە هەندێ لە موسڵمانان ئەوەندە کەم تەرخەم بوونە لە دینەکەیان بیر لە حەرامی یان حەڵاڵـی ناکەنـەوە تـەنها بـیر لـە کۆکـردنەوەی مـاڵ ئەکەنـەوە بەهـەر ڕێگایەک بێ ئەگەر بە ڕیباش بێ ، دیارە ئەتوانم بڵێم زۆربەی موسڵمانان ئـەزانن کـە ڕیـبا تاوانێکە و خـوا حەرامـی کـردووە ، بـەڵام لەبەر لاوازی ئیمان و لـە بیرچـوونەوەی دوارۆژ ئەبیـنین کـە چۆن زۆربەی موسڵمانان کەوتـونەتە نـاو تـاوان بە هەموو جۆرەکانی تاوان لەو تاوانانەش تاوانی ڕیـبا ، وە هـەندێک موسـڵمانیش بـە نـەزانی کەوتـونەتە ناو ئەو تاوانە و نـازانن تاوانـێکی چـەند گەورەیـە لای خـوا ، وە هەنـدێ زانـای گـومڕاش پەیـدا بـوون فەتـوای حەڵاڵـی ڕیـبا ئـەدەن و خەڵـکێکی زۆریـان لـە گـەڵ خـۆیان گـومڕا کـردووە ، من لێرە تەنها بۆ بیر خستنەوەی خوشک و برا موسـڵمانەکانم هەندێـک لـە فەرمـوودەکانی خـوای بـەرز و پـێغەمبەری خۆشەویستمان صلى الله عليه واله وسلم دەربارەی تاوانی ڕیبا ئەهێنمەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو کەسـانەی کەوتونەتە ناو ئەو تاوانە قێزراوە بە خۆیاندا بچنەوەو بگەڕێنەوە لای خواو تەوبە بکەن ، خوای بەرزیش ئەفەرموێت :

{وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ} الذاريات ٥٥

## * ڕیبا لە تاوانە گەورەکانە

خـوای بـەرز ئەفەرموێـت : { الَّـذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَـبَّطُهُ الـشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَـرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ وَمَنْ عَـادَ فَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ . يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّـهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ . إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ . يَا أَيُّهَا الَّذِينَ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

آمَـنُوا۟ اتَّقُـوا۟ اللّهَ وَذَرُوا۟ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ . فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَــرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ }

البقرة ٢٧٥_٢٧٩ واته : ( ئەوانەی کە ڕیبا ئەخۆن لە ڕۆژی دوایی هەڵناسنەوە لە گۆڕەکانیان ئیللا وەک ئەو کەسانە نەبێ کە دەستی شەیتانین بەر کەوتوەو خوو دارن ئەوە لەبەر ئەو قسەیان کە دەیان وت کڕین و فرۆشتن وەک ڕیبایە جیاوازی نیە ، وە خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردوەو ڕیباشی حەرام کردوە جا کەسێک ڕوون کردنەوەی بۆ هات لای خوا لە سەر تاوانی ڕیبا _کە چەند قێزراوە و سزاکەی چیە_ و وازی هێنا لە ڕیبا ئەوەی پێشتری بۆئەوە کە کردویوتی و تەوبەی لە سەر کرد و لە داهاتووش ئەمری ئەو بۆ لای خوایە کە چی بەسەر دێت ، وە کەسێک بگەڕێتەوە سەر ئەو تاوانە پاش ئەوەی کە بۆی ڕوون بۆوە لە لای خوا چ تاوانێکە ئەوە ئەوانە هاوڕێی ناو ئاگرن لە گەڵی ئەژین تا هەتایە لە ناوی ئەبن ، وە خوا ڕیبا لە ناو ئەبات و سەدەقە گەشە پێ ئەدات و زیادی ئەکات ، وە خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ زۆر کوفرو تاوان ئەکەن ، ئەوانەی کە بڕوایان هێناوەو کردەوەی چاک ئەکەن و نوێژیان ئەکەن بە ڕێکی و زەکاتیان ئەدەن ئەوانە پاداشتی خۆیان هەیە لای پەروەردگاریان وە ترسیان لەسەر نیە وە خەفەت باریش نابن ، ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە تەقوای خوا بکەن _لێی بترسن خۆ بپارێزن لە سزاکەی_ و واز بێنن لەوەی ماوە لە ڕیبا ئەگەر ڕاستە بڕوادارن ، ئەگەر وا نەکەن ئەوە ئیعلانی شەڕ بکەن لە گەڵ خواو پێغەمبەرەکەی ، وە ئەگەر تەوبە بکەن ئەوە دەست مایەکەتان بۆ خۆتانە ستەم ناکەن و ستەمتان لێ ناکرێ ) .

پێغەمبەری خواش صلی الله علیه واله وسلم دەفەرموێت : (اجتنبوا السبع الموبقات قيل يا رسول الله وما هن ؟ قال الشرك بالله والسحر وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق وأكل مال اليتيم وأكل الربا والتولي يوم الزحف وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات ) متفق عليه واته : ( دوور بکونەوەو پشت بکەنە حەوت تاوانەکەی بە هیلاکتان ئەبەن وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەمانە چین ؟ فەرمووی هاوبەش دانان بۆ خوا وە سیحر وە کوشتنی نەفسێک کە خوا حەرامی کردووە ئیللا بە حەق نەبێ وە خواردنی ماڵی یەتیم وە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خوارنی ڕیبا وە ڕاکردن لەو ڕۆژەی لە ناو جەنگای وە بوختان کردن بۆ ئەو ئافرەتانەی بڕوادارن و پاکن وە بێ ئاگان لەو تاوانە ) .

وە پـێغەمبەری خـوا صـــلـی الله علـيە والە وسلم دەفەرموێت : ( الربا اثنان وســبعون بابــا ادناهــا مــثل اتيان الرجل امه ) سلسلة الصحيحة ١٨٧١ واتە : ( ڕیبا حەفـتاو دوو بەشــە بـچوكترینیان وەک ئـەوە وایـە کەسـێک بچـێتە لای دایکی _زینای لە گەڵ بکا_ ) .

وە هاتـووە لەجابری کوڕی عبدالله ئەڵێت : ( لعن رسول الله صلى الله عليه وســلم آكــل الــربا ومـــوكله وكاتبه وشاهديه وقال هم سواء ) رواه مسلم واتە : ( پێغەمبەری خوا صلی الله علیە والە وسلم لەعنەتی کرد لەوەی ڕیبا ئەخوات وە لـەوەی ئـەبێ بـە وەکیلـی ڕیبا وە ئەوەی ئەی نوسێ وە شاهێدەکانی وە فەرمووی هەمووی وەک یەکن ) .

وە لـە فەرموودەیەکـی تری پێغەمبەرصلی الله علیە والە وسلم : ( درهم ربا يأكلــه الـــرجل و هو يعلم أشد عند الله من ستة و ثلاثين زنية ) صحيح الجامع ٣٣٧٥ واتە : ( پیاوێک درهەمێکی ڕیبا بخوا وە ئەشزانێ ڕیبایە لای خوا گەورە ترە لە سی و شەش زینا ) .

## * ماڵی ڕیبا لە کۆتایی کەم ئەبێ و لەناو ئەچێت

زۆر کەس وا ئەزانی بە ڕیبا ماڵەکەی زۆر ئەبێ بەڵام با بزانێ وانیە خـوای بـەرز ئەفەرموێـت : { يَمْحَـقُ اللّـــهُ الْـــرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ } پێـشتر ماناکەمان ڕوون کردەوە .

وە پـێغەمبەر صـــلـی الله علـيە والە وسلم ئەفەرموێت : ( الربا وان كثر فان عاقبته تصير الى قل ) صحيح الجامع ٣٥٤٢ واتـە : ( ڕیبا ئەگەر زۆریش بێت بەڵام کۆتاییەکەی بۆ کەم بوونە ) .

## * گەڕانەوەمان بۆ لای خوایەو مردنیشمان نزیکە

بـا تـا زووە هەمـوومان بە خۆمانا بچینەوە و پەشیمان بینەوە لە هەموو تاوانـەکانمان پێش ئەوەی بگەینە ئەو کاتەی ناتوانین پەشیمان ببینەوەو پەشـیمانیمان لـێ وەرنـاگیرێ خـوای بـەرز ئەفەرموێت : { وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنــزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ بَغْتَةً وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ . أَن تَقُولَ نَفْسٌ يَا حَسْرَتَى عَلَى مَا فَرَّطتُ فِي جَنبِ اللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ السَّاخِرِينَ } الزمر٥٥_٥٦ واتـە : ( شوێـنی چاکـترین شـت بکـەون کـە لـە لای پـەروەردگارتان بۆتان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دابەزیوە پێش ئەوەی سزاتان بێتە سەر لە ناکاوێکا ئێوەش بێ ئاگان و هەست ناکەن وە پێش ئەوەی کە نەفس بڵێ ئای حەسرت لە خۆم لەوەی لە حەقی خوا کەم تەرخەمیم کرد و لە دەستم چوو ئەگەر چی منیش گاڵتەم ئەکرد لەوەی سزا هەبێت بەڵام توشی بووم ) .

با بزانین پرسیارمان لێ ئەکرێتەوە لە هەر شتێ کە لە دونیا کردومانە لە ڕۆژی دوایی دێتەوە پێشمان خوای گەورەش ئەفەرموێت : {وَاتَّقُواْ يَوْماً تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ} البقرة ٢٨١ واتە : ( لەو ڕۆژە بترسن و خۆتان بپارێزن کە ئەگەڕێنەوە لای خوا پاشن هەر نەفسێک ئەوەی کردویەتی وەری ئەگرێتەوەو پێی ئەگاتەوە وە ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ لای پەروەردگاریان لەسەر کردەوەی خۆیان سزا ئەدرێن ) .

لە کۆتایی داوا لە خوا ئەکەم من و هەموو موسڵمانێک یارمەتی بدا بۆ ئەوەی تەوبە بکەین لە تاوانەکانمان و ڕوو سپی ڕۆژی دوایی بین وسبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لا اله الا انت استغفرك واتوب اليك .

**باوکی حارث**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com